سەروتار

لە پەراوێزی کولتوورەوە

# پەیامی ڕۆژنامەنووسیی جنێوفرۆشی نییە

(١ - ٢)

سەرنووسەر

* ئەگەر نووسین بە هەموو کایەو بوارەکانی خۆیەوە بریتی بێ لە شێواز و وەک بیفۆن دەڵێ: (شێواز ئینسانەکە خۆی بێت) ، ئەوە بێگومان لەو شێوازەوە کەسایەتی و ڕەوشت و ئاستی ڕۆشنبیری و تەنانەت جۆری پەروەردەی ئینسان بە دەردەکەوێ، چونکە (شێواز)ی ئەو کەسە، کەسەکەی پێ دەناسرێتەوە و ئاستی ڕۆشنبیری و کەرەسەکانی دەستی و بوێرییەکەی بەدەردەخات، کاسەش ئەوەی لێ دەڕژێ کە لەناویەتی، بوێریش بەشێکە لە بیر و هزری کەسەکە کە هێزی کەسایەتی و مەنتیقی ئەو کەسە دروستی دەکات، واتە قەت بوێری گێرەشێوێنی و جنێودان و سووکایەتی بە خەڵک کردن و ناوزڕاندن نییە، چونکە بۆ ئەم کارانە هەموو کەس دەتوانێ بەڵانسی خۆی لەدەست بدات. ئاژاوەگێری و تۆمەت بەشینەوە هەمووکەس پێی دەوێرێ و دەتوانێ موماڕەسەی بکات، بەڵام هەموو نووسەرێک ناتوانێ قورس خۆی ڕابگرێ و بڵانسی خۆی تێک نەدا!.

* ناکرێ و نالوێ بەناوی ئەوەی ڕۆژنامەنووسێکی لاوە، چی دەیەوێ بیکات و بیڵێ بەبێ گوێدانە هیچ داو و نەریت و پرەنسیپ و ئەخلاقیاتێکی ڕۆژنامەوانی، چونکە ئەگەر ئەو کەسەی لە ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێکدا سووکایەتی پێدەکرێ، تۆمەتباریش بێ، ئەوە تۆمەتبار بەپێی یاسا (بێتاوانە) تا تاوانەکەی بەسەردا دەسەپێ ، ئەوەش لە کاتێکدایە کە دیقەت و لێکۆڵینەوەی وردی یاسایی لەگەڵ دۆسییەکەیدا دەکرێ، نەک هەر بە نوقڵانە لێدان و گومان کردن لە نرخی خەڵکی بهێنرێتە خوارێ. جاری واش هەیە ڕۆژنامەنووسی لاو و کەم ئەزموون دەست بۆ مەسەلەی زۆر حەساس دەبەن، بەبێ ئەوەی بزانن بەم کارەیان درز و کەلێن دەخەنە ناو ڕیزەکانی گەلەکەیانەوە و هەڕەشە لە ئایندە و ئاسایشە نەتەوەییەکەی دەکرێ، لەو باسانەش باسوخواسی ناووناوبانگی بنەماڵەیی و خانەوادەیی، مەزهەبی و تایفی و ئایینی پڕ مەترسی دەورووژێنن، یان جاری وا هەیە دادگا کێشەیەکی یەکلایی نەکردووەتەوە، کەچی ئەوان دەچن کنەی تێدا دەکەن و بە ئیشتیهای دڵی خۆیان قسە هەڵدەڕێژن.

* ئەگەر پەیامی ڕۆژنامەگەری بۆ خۆی گەیاندنی (هەواڵ)ـە بە گەرما و گەرمی و بە ڕاستگۆیی، هەروەها پێشکەش کردنی ڕیپورتاژ بێ لەبارەی ئەو دیاردانەی لەناو کۆمەڵگادا زەقن، لەم دوو ئەرکەی ڕۆژنامەوانیشدا بەهیچ شێوەیەک ناکرێ (ڕۆژنامەنووس) بیروڕای خۆی بخاتە دووتوێی (هەواڵ)ەکانەوە، یان ئاراستەی (ڕیپۆرتاژ)ەکەی بەو ئاقارەدا ببات کە خۆی حەزی پێدەکات، چونکە لەم حاڵەتەدا کارەکەی لە پەیامی ڕۆژنامەگەری دەردەچێ و ئەوسا دەبێ ناوێکی دیکەی لێ بنێین. کە دەگوترێ ئەمڕۆکە ڕۆژنامەگەری کوردی تووشی بێ سەروبەری و ئاژاوەگێڕی هاتووە، لەبەر ئەوەیە کە ڕۆژنامەگەری کوردی خەڵکانێکی زۆری تێکەوتووە کە سیفەتی ڕۆژنامەنووسیان تێدا نییە و ئەوانە بە کەیف و ئارەزووی خۆیان شەلم کوێرم هیچ نابوێرم کەوتوونەتە تانەو تەشەردان و ناو زڕاندن و سووکایەتی کردن بە پیشەی ڕۆژنامەگەری و یەخەگرتن بەنووسەر و ڕۆژنامەنووسی گەورە و لێهاتوو کە ئەوانە سەرمایە و گەنجینەی نەتەوەیەکن، داخەکەم کەسیش نییە لەوجۆرە کەسانە بپێچێتەوە و تا ئێستا هیچ یاسایەک نییە ڕێگە لەوجۆرە دەمشڕانە بگرێ و سنوورێکیان بۆ دابنێ.

* لەوەش کارەساتبارتر ئەوەیە کەسانی نەفس نزم و ترسنۆک و لاواز و بوودەڵە کە لەوەتەی هەن پیشەیان شان تەکاندن و ماستاو ساردکردنەوە و کاسەلێسییە، لەجیاتی ئەوەی ئەوجۆرە کەسانە کە نامۆن بە دنیای ڕۆژنامەگەری و نووسین و داهێنان بەنزمی تەماشا بکەن تا گۆشەگیر بکرێن، دێن و دەکەونە ماستاو ساردکردنەوە و مەرایی کردن بۆیان و دەست لە پشتیان دەدەن تاکو بەلای ئەواندا نەچن و لەبارەی پۆخڵەواتی ڕابردووی پڕ لە شەرمەزارییان نەنووسن و لاپەڕە ڕەشەکانیان هەڵنەدەنەوە، ئەوانە بەو جۆرە خۆ

ڕەپێش کردن و خۆبردنە پێشەوە و مەرایی کردنە وا دەزانن دەتوانن خـۆڵ بکەنە چاوانی خـەڵکی و بەو چەواشـەکـاری و چاووڕاو و بوودەڵـیـیە خـۆیان بشـارنەوە، بەڵام ئەو جـۆرە کەسـانە وەک وشـتـر مورغیان لێهاتووە، واتە سەریان لەناو لم نقووم کردووە و وادەزانن هەموو گیانیان شاردراوەتەوە.

* سـەندیکای ڕۆژنامـەنووسـانی کـوردسـتـان لەژێر دروشـمی پاراسـتنی ئازادی بیـروڕا دەربڕین و نان نەبڕینی ڕۆژنامـەنووسـان داکـۆکی لە ئەندامانی خـۆی دەکات، ئەمە کـارێکی جـوانە، بەڵام پێویستە پێش هەر شتێ لامێژ و مشەخۆرەکان لە ڕۆژنامەنووسە ڕاستەقینەکان هەڵاوێرێ، چونکە ئەو دروشمە ناکرێ بۆ ئاژاوەگێر و گێرەشێوێنان بێ و سوودی لێوەربگرن، یان هەر ناکرێ ڕیزەکانی خـۆی لەو جـۆرە کـەسـانە پاک نەکـاتەوە، پێـویسـتـە وەک داکـۆکی لەوانە دەکات و بەیاننامە بۆ پشتگیری کردنیان دەردەکات کاتێ ڕووبەڕووی کـێـشـەی کـۆمـەڵایەتی و یاسـایی دەبنەوە، بەهەمـان شێـوەش دەبێ کەرامـەتی ڕۆژنامەنووسە چاکەکـان بپارێزێ کـاتێ بەهەوەنتـە بەر چەقـۆ دەدرێ. دەمێکە وتراوە (ئینسـان تەنیـا بەنان ناژی) من دەپرسم نان لەکەرامـەتی ئینسان گەورەترە کاتێ تووشی ناوزڕان دەبێتەوە؟ سەندیکاو نێوەندی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیری دی بۆ خـۆیان سـەنگ و قەوارەی هەر ڕۆژنامەنووس و نووسەرێک لەنـاو نێـوەندەکـە لەهەمـوو کـەس باشـتـر دەزانن، کـاتێ لەلایەن کەسانی جاهیل و جنێوفرۆشەوە پەلامار دەدرێن ناکرێ نقەی لێوە نەیەت و هەڵـوێسـتـی بەرانبـەر بەو نامـۆیانەی ناو بارودۆخی ڕۆشنبـیـری و ڕۆژنامـەوانی نەبێ کـە بێ پەروا دێنە مـەیدانەوە، چونکە ئەم جـۆرە دیاردانە سـەرەتا بە حـاڵەتی تاک و تەرا دەست پێدەکەن، یان ناکرێ هەڵـوێستی دووفاقانە بگیرێتە بەر.

* وەک ئەو هەڵـوێسـتە بەرانبەر بەجنێـوفرۆشان و دەمشڕان نییە و نابینرێ، تا ئەم لەحـزەیەش یاسـایەک نیـیـە ڕۆژنامـەنووس و نووسـەری ڕاسـتـەقـینە لە کـەلبەی ناهەقی بپـارێزێ، کـارەکـان بە پێـچـەوانەش دەکـەونەوە، چونکە لەکـاتێکدا خـەڵکی چاوەڕوانی ئەوەیە جنێوفرۆش گۆشەگیر بکرێ تا هیچ نەبێ بە خۆیدا بچێتەوە و هەوڵ بدات لە داهاتوودا بە ئەدەبانەتر بێـتـە حـزوور، کـەچی کارەسـات لێرەدا ئەوەیە کەسانێ هەبن لەبەر خاتری چاوی کـاڵی «جنێـوەکـان»ی خـەڵات و ئافـەرین بکرێ، هەڵبـەتە ئەم کـارە خەڵکانی دی هان دەدات کە چاو لەو جنێو فرۆشە بکەن، تا بەڵکو ئەوانیش بەهـۆی کـاری جنێـوفـرۆشی وناوزڕاندنی خـەڵکـیـیـەوە خـەڵات و بەرات بکرێن، واتە جنێـوفـرۆشی دەبێـتـە قـاعـیـدە و ڕێچکەیەک و دواتر کەسانی دیکەش بەو ڕێگایانەدا دەڕۆن و هەر ئەو ڕێگایە تاقی دەکەنەوە، لەجیاتی ئەوەی پێشی لێبگیرێ.

* وەک پێشتر وتوومە ڕۆژنامەنووسی ئاخر زەمان هەوڵ دەدات بەناو ژووری نووستن و ناو داڵان و حەوشەی ماڵەکانیشدا پیاسە بکات و قسە لە بچووکترین تایبەتمەندیی کەسەکان بکات، ئەوەش لەبەر ئەوەیە سنووری کـاری خـۆی نازانێ، لەکـاتێکدا وەزیرێک بەقـەدەر بێـژەرێک قـات و بۆینبـاغ ناگـۆڕێ، ئەو دێت و باسی ژمارەی قـاتەکان و بۆینباغـەکانی دەکات، بگرە تەمەنناش دەکات بچێتە جێگەی ئەو و بەقەدەر ئەو قات و بۆینباغی هەبێ، کە ئەمە لە هیچ شوێنێکی ئەو دنیایە جێگەی ڕەخنە و گلەیی نییە، چونکە ئەرکی ڕۆژنامەنووسی قسەکردن و گفتوگۆ کردنی قووڵ و قورسە لەبارەی بەرنامە و کاری حکوومەت و شێوەی ئەدا کردن و جێبەجێ کردنی پرۆژەکـان و قـووڵکردنەوەی هەست و گـیـانی لێپـرسینەوە لەلای ئەندامانی کـۆمەڵ و قـاودانی گەندەڵی لەکـاتی ئیشـوکـار ڕاپەڕاندندا، کـەچی دەبینین خـەڵکی بە شـتی لاوەکی و لابەلایی خەریک دەکرێن و شتە جەوهەرییەکانیان لەبیر دەبرێتەوە.

* ڕۆژنامـەنووسی ئەمـڕۆی کورد لەناڵیش دەدات و لە بزمـاریش دەدات، لەگـەڵ دز و لەگـەڵ قـازیشـە، خـۆشی نازانێ یاسـا و چەسپاندنی یاسای دەوێ، یان یاسای دارستان و جەنگڵستانی دەوێ؟ چونکە دەبینین لەلایەک داوای یاسا و جێگیر کردنی یاسا دەکات، لەلایەکی دیکەوە هانی خەڵکی دەدات بۆ سەرپێچی کردن و کاری نایاسایی، یان سەرپێچی کردن لە یاسا دەکرێتە مانشێت، وروژاندن و هاندانی خـەڵکی بۆ هەڵگەڕانەوە لە دامـودەزگـا شـەرعـیـیـەکـانی خـۆی دەگـرێتـە بەر، کـە ئەمـەش جـۆرێکە لە سەرلێشێواوی، چونکە خواشی دەوێ و خورماشی دەوێ، بەخۆشی نازانێ لە چ سەنگەرێک وەستاوە و تەقە لەکێ دەکات؟

* جـاران جنێـوەکـان کـە ئاراسـتـەی یەکـتـری دەکـران زیاتر لەحزبەکـانەوە دەستی پێدەکـرد، بۆیە دەڵێم لەحزبەکـانەوە دەستی پێدەکـرد، چونکە بەهۆی ئامێـری ڕاکـاڵەوە ئەو جنێـوانە دەدران و خەڵکی دەمشڕ دەهێنرانە سەر ئەو جیـهازانە و دەکـەوتنە جنێوی سـووک و بازاڕی دان بەیەکـتـری، ئەمـڕۆکـە خـەریکە سـایتـە کوردییەکان شوێنی جیهازەکانی سەردەمی شەڕی ناوخۆ دەگرنەوە و بەو ئاراستەیەدا دەبرێن و بۆ تەسفییەی حیسـاباتی سیاسی هەمان کار و ئەرکیان پێ دەسپـێردرێ، بەڵام نەختێ لەسەردەمی شەڕی جیهازەکان ماقووڵتر و وەستایانەتر ئەو کارە جێبەجێ دەکرێ.

* ئەوەی کـە زیاتر گـومـانەکـە خـەست و چڕ دەکـاتەوە ئەوەیە کـە جنێـودان و ناوزڕاندنەکە بەهەڵبژاردنی کـەسانێک کـۆتایی پێ دێ کە بەلایانەوە مەبەستە تەنیا ئەوانە بخەنە ناو بازنەی جنێو و ناو زڕاندنەکانەوە، واتە کارەکە کارێکی ئینتیقائییە، بۆیە سەرنج بدەن دەبینن لەپاش ڕاپەڕین ئەوانەی زۆرترین پەلامار و هێرش دەکرێتە سەریان، زۆریان کەسـانی دڵسۆز و پەرۆش و غـەمخۆر و جدی و کـاریگەرن، هەر هیچ نەبێ ئەوانە زۆرینەی ئەو کەسانەن کە هێرش دەکـرێتـە سـەریان کـە لە گـۆڕەپانی سـیـاسی و کـۆمـەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا کار دەکەن، ئەگینا بەدەیان کەس هەن کە شایەنی ئەوەن لێیان لەهەڵڵا بدرێ و ڕیسوا بکرێن، چ لەوانەی پێش ڕاپەڕین، چ ئەوانەی دوای ڕاپەڕین، کەچی خۆیان لە ئاستی ئەوانە گێل دەکەن و لەباشـترین حـاڵەتدا زۆران کـەس هەن کـە شـتی ناجۆر و کـاری ناپاکـانەی نارەوایان لێ وەشـاوەتەوە، کـەچی ناوی ئەوانە لە کـولەکەی تەرپشـدا نایەت، چونکە ئەوەندەی مـەبەسـتـیـان لێدانی کەسـانی بەرچاو و ناسراو و ئیشکەرە، ئەوەنـدە مـەبەسـتـیـان ئەو جۆرە کەسانە نییە.

* ئەمڕۆکە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیش بوونەتە بەشێکی جـیـانەکـراوە لەکـاری گـەندەڵی، گـەندەڵی وەک دیاردەیەک کـە ڕاگەیاندنەکان زەقیان کردەوە و ئێستە بووەتە وێردی سەر زاران، باس لەهەمـوو جـۆرە گـەندەڵـییـەک دەکـات، تەنیـا گـەندەڵی بواری ڕۆژنامەڤانی و ڕاگـەیاندنی بواردووە و زۆر کـەم نەبێ ئەگینا خـۆی لەقـەرە نادات، تۆ بزانە چەندین ڕۆژنامـەوان و پەیامنێـر کـاتێ دەگـەنە لای هەر بەرپرسـێک داوای دەسکەوت و ئیـمـتـیـازاتی لێ دەکـەن. جـاری وا هەیە لەنێـوان ڕۆژنامـەنووس و گـەندەڵکاران ژێراوژێر ڕێکدەکـەون بۆ ئەوەی زۆر کـەتنی زەق و گـەورە دیزە بەدەرخـوونە بکەن تا پەردەپۆش بکرێ، ئایا ئەوە جـۆرێک لە گـەندەڵی و کـاسە لێسی نیـیە ڕۆژنامـەنووس چاو لە زۆر هەڵە و کـاری نارەوا بپـۆشێ و بەدەم چەورکـردنێک خـەڵکی بە شـتی پەراوێزییەوە سەرقاڵ بکات؟